چەند قوتابخانەیەك ڕێپێوان سازدەکەن

پ.ڕانیە/ لەماوەی دوو هەفتەدا لەسنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی ڕانیەدا لەچەند قوتابخانەیەك خۆپیشاندان و ڕێپێوان لەبەرامبەر نەبوونی پێداویستیەکانی خوێندن سازکرا.
یەکەم ڕێپێوان لەقوتابخانەی ئالانی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری بوو، دووەمیشیان لەرۆژی ٢٠٠٥/١٠/٣ بوو کە ٨٠ خوێندکاری پۆلی یەکەمی ناوەندی لەناوەندی ڕانیەی کوران سازیانکرد، بەلاّم بێ ئومێد گەڕانەوە خوێندنگاکەیان.
ڕۆژی دواتر ٢٠٠٥/١٠/٤ (٢٤٠) خوێندکاری ناوەندی کۆدۆ ڕێپێوانێکیان سازکردو کە کاتژمێرێکی خایاند، بەڵێنیان لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی ڕانیە وەرگرت کە داخوازیەکانیان بەجێ دەگەیەنن.

ئافرەتێك خۆی دەسووتێنێ

پ.هەولێر/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٨ ئافرەتێکی خەڵکی دهۆك لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر گیانی لەدەستدا. ئەو ئافرەتە چەند ڕۆژێك پێشتر خۆی سووتاندبوو، بەلاّم هۆی خۆسووتاندنەکەی نەزانراوە.

٣ شوفێری تورکی دەگیرێن

پ.دهۆك/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٨ لەسیمێل (٣) شوفێری تورکی هەرەشەیان لەپۆلیسێکی هاتووچۆ کردو دواتر هەرسێکیان دەستگیرکران و ڕەوانەی دهۆك کران.

هەورە تریشقە پیاوێك دەکوژێ

پ.ڕانیە/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢ لەگوندی یەندزەی دۆڵی باڵەییان، پیاوێك بەناوی (محەممەد مستەفا) کە تەمەن ٥٠ ساڵ بوو بەهۆی لێدانی هەورە تریشقەوەگیانی لەدەستدا.

کچێك دەکوژرێ

پ.ڕانیە/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٥ کچێکی تەمەن ٣٧ ساڵ بەناوی وەزیرە بەدەستی براکەی کوژراو تائێستا هۆی کوشتنەکەی دیار نییە.

ژنێکی تەمەن ٨٥ ساڵ لێیدەدرێ

پ.ڕانیە/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٨ لەشارۆچکەی ڕانیە ژنێکی پیر بەناوی (ف.ح)کە تەمەنی ٨٥ ساڵە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە هەڕەشەی لێکراوەو دواتر پەلاماری دراوەو قاچێکیان شکاندووەو شوێنەواری لێدان بەسەرو چاویەوە دیارە، تائێستا هۆی لێدانەکە دیار نییە.

٣٢ تەرم دەدۆزرێنەوە

پ.موسڵ/ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لەژووری عەمەلیاتی پۆلیسی موسڵ بە "میدیا"ی ڕاگەیاند کە لەهەفتەی ڕابردوو لەشاری موسڵ تەرمی ٣٢ کەس دۆزرایەوە، لەوانە ١٦ تەرمی سوتێنراو لەناوچەی پیشەسازی لای چەپی موسڵ و ئەوانی دیکەش لەگەڕەکەکانی (نبی یونس، النور، الجزائر، المصارف) دۆزرانەوە. شایانی باسە هەندێك لەو تەرمانە سەرەکانیان بڕدرابوون و هەندێکیشیان شوێنەواری لەسێدارەدانیان بەملەوە دیاربوو. ئەو تەرمانە بریتین لەتەرمی کەسانی بازرگان و ئەندازیارو بەڵێندەرو پیاوانی پۆلیسی هاتووچۆ کەپێش کوشتنیان هەڕەشەی بەجێهێشتنی کارەکەیان لێکرابوو.

تیرۆریستێك لە پێش بنکەیەکی هەڵبژاردن خۆی دەتەقێنێتەوە

پ.موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢ لەگەڕەکی (الفیصلیة) هێرش کرایە سەر بارەگای ڕێکخراوی پارتی و هەر هەمان ڕۆژ هێرش کرایە سەر چەند بنکەیەکی هەڵبژاردن، کەبووە هۆی کوژرانی ٥ پۆلیس و پێشمەرگە. هەروەها ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٥/١٠/٣ تیرۆریستێکی خۆکوژ لەپێش بنکەیەکی هەڵبژاردن لەناوچەی (الباب الجدید) خۆی تەقاندەوەو بووە هۆی کوژرانی ٤ پیاوو ٢ ئافرەت و برینداربوونی پۆلیسێك.

بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێل، باوکێك و منداڵێك گیان لەدەستدەدەن

پ.سەید سادق/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٣ لەسەر ڕێگای هەڵەبجە – سەید سادق دوو ئۆتۆمبێلی جۆری مازداو پاسی نیسان بەیەکیان داداو سەرەنجام پیاوێك و منداڵەکەی گیانیان لەدەستداو هاوسەرەکەی و دوو کەسی دیکە برینداربوون.

دوو هاووڵاتی هەڵەبجە بێ سۆراخن

پ.هەڵەبجە/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٤ جەمال کەمال و ئەبوبەکر محەممەد کەخوشکزاو خاڵی یەکن، خەڵکی هەڵەبجەن بەمەبەستی کڕینی ئۆتۆمبێل چوونەتە بەغدا، بەلاّم لەو بەروارەوە چارەنووسی هەردووکیان نادیارەو کەس سۆراخیان نازانێ. شیاوی باسە ئەو دوو کەسە بڕێکی زۆر پارەیان پێ بووە.

منداڵێك بەبلۆك دەمرێ

پ.هەڵەبجە/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/١ لەشارۆچکەی هەڵەبجەی تازە، هاووڵاتی مستەفا عەزیز لەو کاتەی تراکتۆرەکەی لەحەوشەی ماڵ بردۆتە دەرەوە، خۆی لەدیواری حەوشە داوە، بلۆکێك بەربووەتەوەو بەمنداڵێکی خۆی کەوتووەو یەکسەر گیانی لەدەستداوە.

٢قوتابخانەی ناوەندی بێ مامۆستان

پ.سەید سادق/ لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن هەردوو قوتابخانەی ناوەندی هەرشین و کوردستانی نوێ لەشارۆچکەی سەید سادق، دەوامیان کردووەتە ڕۆژ ناڕۆژێك لەبەر کەمی مامۆستا.

ڕوداوی هاتووچۆ گیانی گەنجێکی تریش دەسێنێ

پ.سۆران/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٥ بەهۆی وەرگەڕانی ئوتۆمبێلەکەی لەسەر ڕێگای مێرگەسۆر نزیك گوندی (شکەوتوان)، (حەیدەر عەلی سرێشمەیی)ی تەمەن ٢٢ ساڵ گیانی لەدەستدا، بەمەش تائێستا چەندین گەنج بوونەتە قوربانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لەدەڤەرەکەدا.

لەقوتابخانەیەك، بۆ چاککردنەوەی دەرگایەك پارە لەقوتابیان وەردەگیرێ

پ.سۆران/ چەند ڕۆژێك بەر لەئێستا لەیەکێك لەقوتابخانە ناوەندییەکانی شاری (ڕواندز) بەمەبەستی چاککردنەوەی دەرگایەکی لەکارکەوتووی ئەمقوتابخانەیە، قوتابیانی هۆبەی (أ، ب، ج)ی پۆلی یەکەم و (أ، ب)ی پۆلی دووەم ڕادەسپێردرێن کە بەیانی هەر یەکەو بڕی (٢٥٠) دیناری چاپی ئێستا لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ چاککردنەوەی دەرگایەکەیان، کە ئەمەش وایکرد زۆربەی قوتابیان لەم ڕۆژەدا بەشە ڕۆژانەی خۆیان پێشکەشی قوتابخانەکەیان بکەن.

ئەفسەرێکی پۆلیسی (محلی) لە پۆلیسێکی هاتوچۆ دەدات

پ.سۆران/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢ کاتێك (محمد سالح تەها)ی پۆلیس لەبنکەی هاتوچۆی (خەلیفان) سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بوو، لەلایەن ئەفسەرێکی پۆلیسی (محلی) بەبیانووی ئەوەی کە سڵاو (تحیە)ی بۆ نەکردووە جنێوەی پێداو دواتریش بەخۆی و پاسەوانەکەی لەپۆلیسی ناوبراویان دا لاسەرێکیان شکاند.

مانگرتنی قوتابیان (سۆران)یش دەگرێتەوە

پ.سۆران/ سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢ چەند خوێندەڤانێکی پۆلی شەشەمی زانستی لەقوتابخانەی (ئامادەیی شەهید دکتۆر عەبدوڵڕەحمان) لەشاری سۆران، مانیانگرت و دواتریش لەڕێپیوانێکی هێمنانەدا بەرەو (دەزگای زاری کرمانجی) کەوتنە ڕێگاو لەبەردەم ئەم دەزگایە کۆبوونەوەو داوای چارەسەری هەرچی زووتری کێشەکانیان و نەبوونی مامۆستاو پێداویستیەکانی تری خوێندنیان دەکرد لەلایەنی بەرپرس، دوای ئەم ڕێپیوانە پەروەردەی سۆران پەیمانی ئەوەی بە خوێندەڤانەکانی ئەم ڕێپیوانەدا کە بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر سەرجەم داواکاریەکانیان بۆ جێبەجێ دەکرێ.

٢١ تیرۆریست دەسگیردەکرێن

پ. موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٧ لەکاتی ئەنجامدانی هەڵمەتێکی پشکنین لەنزیك هەردوو گوندی عەدالەو شوهەدا لەدەوروبەری موسڵ شەڕوپێکدادانێك لەنێوان هێزەکانی پاسەوانی سنووری عێراق و هێزە فرەڕەگەزەکان لەگەڵ تیرۆریستان ڕوویدا کە لە کاتژمێر ٣ تا ٥ی بەیانی خایاندو لەئەنجامدا ٢١ تیرۆریست دەسگیرکران و پاسەوانێکی سنوور کوژرا. لەلایەکی دیکەوە هێزی لیوای ڕەش٤ تیرۆریستی دیکەیان دەسگیرکرد کە یەکێکیان خەڵکی حەلەبی سوریایە.

منداڵێکی ٥ ساڵان دەرفێندرێ

پ. موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٨ باندێکی تیرۆریستی منداڵێکی تەمەن ٥ساڵانیان ڕفاند، بەلاّم هێزەکانی سوپای عیراق، بەماوەیەکی زۆر کورت توانیان باندەکە دەسگیربکەن و منداڵەکە ئازادبکەن.

گوللە هاوەنێك ٥ کەس دەکوژێ

پ. موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٥ گوللە هاوەنێك کەوتە ناو ماڵێك لەگەڕەکی (عەرەب) لەشاری موسڵ، لەئەنجامدا ٥ کەس کوژران کە دوانیان کوردبوون و یەکێکیش برینداربوو.

لەسەردانەکەیدا بۆ هەڵەبجەی شەهید

نەسرین بەرواری (٢٢) ملیۆن دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارە لەگەڵ خۆی دەبات

نەسرین بەرواری تەماشای وێنەکانی کارەساتی هەڵەبجە دەکات (میدیا)

فازڵ نەجیب - هەڵەبجەی شەهید/
نەسرین بەرواری وەزیری شارەوانیەکانی عێراق مژدەی ئەوەی بە هەڵەبجەییەکاندا کە لەسەرەتای ساڵی نوێدا پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە بە بڕی (٢٠) ملیۆن دۆلار لەهەڵەبجە جێبەجێ دەکرێت و لەبەرامبەریشدا هەڵەبجەییەکان دەیانگوت تەنها ئیبراهیم محەممەد بەحرلعلوم وابەستەی بەڵێنەکانی بووە بەرامبەر بەو شارە.

وەزیری شارەوانیەکان بە یاوەری نوێنەری هەڵەبجە لەپەرلەمانی عێراق و وەزیری پیشەسازی حکومەتی کوردستان – ئیدارەی سلێمانی سەردانی هەڵەبجەی شەهیدی کردو لەنزیکەوە گوێبیستی داخوازیەکانی بەرپرسانی ئەو شارە بوو.

نەسرین بەرواری لەوەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژنامەی (میدیا) لەبارەی گرژیەکانی نێوان کوردو جەعفەری لەحکومەتەکەی بەغدا گوتی "لیستی هاوپەیمانی لەسەر چەند بنەمایەك بەشداری پێکهێنانی حکومەتی کرد، بەلاّم بەداخەوە سەرۆکی حکومەت مولتەزیم نییە بەو شەرتانەوە. ئێمە لەبەغدا شعور دەکەین کە جەعفەری نەوعە فەرق و جیاوازیەك دەکات لەنێوان وەزارەتەکاندا لەمیزانیەو هاوکاری کردن. هەستدەکەین کە وەزیرە کوردەکان لەبڕیارەکاندا بەشداری پێناکرێن".

وەزیری شارەوانییەکان لەبارەی لێدوانی ئەو بەرپرسە پایەبڵندەی لیستی هاوپەیمانی کە گوایە وەزیرە کوردەکان لەبەغدا خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیانن و چالاك نین، گوتی "ئێمە لەحکومەتی پێشوودا لەکاتی مەجلیسی حوکمدا زۆر چالاکتر بووین لە حکومەتەکەی عەللاوی و لەوی عەللاویش چالاکتر بووین لەحکومەتەکەی جەعفەری، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە زۆربەمان دەستمان گرێدراوە. بەلاّم دەبێت ئەوەش بزانرێت کە ئێمە نیزامی فیدرالیەت پەیڕەو دەکەین کە سولتەو سەلاحیات دەدرێتە حکومەتی هەرێم و تەخسیساتی ماددیش ڕاستەوخۆ بەوان دەدرێت. هەرچەندە وەزارەتەکەی ئێمە ئیمکانیاتی کەمیشی هەیە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری هەردوو ئیدارەکەشمان کردووە".

بەرواری لەبارەی پرۆژەکانییەوە بۆ خەڵکی هەڵەبجە گوتی "پرۆژەیەکی گەورەی ئاوی خواردنەوە دروستدەکەین بەبڕی (٢٠) ملیۆن دۆلار کە سەرەتای ساڵی نوێ دەست دەکرێت بە جێبەجێکردنی لەلایەن کۆمپانیایەکی یابانیەوە. سەرەڕای ئەوەش چەند پرۆژەیەکی تر بەبڕی نزیکەی (٢,٥) ملیۆن دۆلار جێبەجێ دەکرێت کە باخچەیەکی گەورەی منداڵانیش بەخۆیەوە دەگرێ".

مامۆستا شاهۆ ڕێکخەری کاروبارەکانی حکومەتی کوردستان لەهەڵەبجە چاوەڕوانیەکانی خۆی لە نەسرین بەرواری لەفراوانکردنی سێ شەقامی ناوشار نیشاندا کە مۆڵکی هاووڵاتیانی بەردەکەوێت و پێویستی بە قەرەبووکردنەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا شاهۆ نەیشاردەوە کە لەو بەرپرسانەی سەردانی هەڵەبجە دەکەن، تەنها دکتۆر ئیبراهیم محەممەد بەحرولعلومی وەزیری نەوتی عێراق بەتەواوی وابەستەی بەڵێنەکانی بووە بەرامبەر بە هەڵەبجەییەکان.

مەهاباد شێخ حەمەئەمینی نوێنەری هەڵەبجە لەپەرلەمانی عێراق و ڕێکخەری سەردانەکەی بەرواری بۆ هەڵەبجە، بە(میدیا)ی ڕاگەیاند "برا عەرەبەکان هەڵوێستیان لەسەر مەسەلەی هەڵەبجە زۆر باشەو زۆرجار عەرەبەکانیش داکۆکی لێدەکەن. بەلاّم هەندێ جار کەسانێك دەیانەوێت کارەساتی هەڵەبجە بهێننە ئاستی مەسەلەی ئەهوارەکان".

خاتوو مەهاباد ڕای وایە کە جەعفەری هیچ لاریەکی نییە لە ئاوەدانکردنەوەی شاری هەڵەبجەو لەو بارەیەوە گوتی "کاتێك جەعفەری هاتە ئەنجوومەنی نیشتمانی، نوسخەیەکی داخوازیەکانی خەڵکی هەڵەبجەم پێداو ئەویش هەڵوێستی خراپ نییە بەرامبەر بە هەڵەبجە. جەعفەری لەمەسەلەی کەرکوکدا گرفتی هەیە".

مامۆستا جەمیل عەبدولڕەحمانی قایمقامیش پێیوابوو کە ئەگەر وەزیری شارەوانییەکان ئەو سێ شەقامە سەرەکیەی ناو شاری هەڵەبجە فراوان بکات، خزمەتێکی گەورە بەخەڵکی هەڵەبجەو ناوبانگی بنەماڵەکەی خۆی دەکات و لەمێژوودا بۆی دەنووسرێتەوە.

بڕیارنامەیەك لەفەرهاد پیرباڵ-ەوە

بۆ هەموو گەنج و خوێندکارو قوتابیو فێرخوازو لاوێکی سەرازا بۆ هەموو ئەو ویژدانە بێدارانەی تاقانە ئومێدو هێزی ڕیفۆرمن لەم وڵاتەدا

ئەی هاوخەم و هاوبیرو هاوڕێکانم..
هەمووتان دەزانن: فەسڵکردنی من لەزانکۆ، کە لە ٢٠٠٥/١٠/١٨دا لەسەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدینەوە ڕادەگەیەنرێت، بەپلانێکی پێشوەخت، ناقانوونیانەو قۆناغ بەقۆناغ، لەپێناو ئەوە دایە کە یەکێك لەو دەنگانەی نێو ئێوە –کەهەمیشە بەرگریی لەمافەکانتان دەکرد– بخنکێنێت، چاوترسێنیی بداتە ئەو دەنگەی کەهەمیشە تووڕەیی و داخوازی و ئاواتەکانی ئێوەی، لەسەر شانی خۆی دادەنا، بەبێ گۆرەوی، یان بەجووتە نەعلێکەوەو سەربڵندانە، هەندێ جاریش هەر بەڕووتی بەگەڵتان دەکەوت، دەیگەیاندنە سەر سنوورەکانی تورکیا یان بەردەم پەرلەمانی کوردستان یانیش بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆ.. ئەو دەنگەی کەئێوەی، لەجیاتی مامۆستاو سەرۆك بەش و عەمیدەکان، لەزۆر بەستێندا بە "مەرجەع"و هەق و هێز دەزانی و، کە هەمیشە لەلای میرومودیرو موریدەکانیان، خۆی لەسەر ئێوە "پیاو خراپ" و ناشیرین کردبوو، ناشیرین تارادەی ئەوەی کەئەو بۆریچییانەی دەهاتن بەلووعەی ماڵەکەیشی بۆ چاك بکەنەوە پێیان دەگوت: "د.فەرهاد تۆ کەری کە لەبەر خاتری گەنج و قوتابیان، لەبەر خاتری ئەو مامۆستایانەی شایستە نین خۆت دەکەیتە کەپشی فیدا..".

فەسڵکرانی من لەپێناو ئەوەدایە کەچیتر هیچ قوتابیو گەنج و خوێندکارو فێرخوازو لاوێك "نەخوازەڵلا مامۆستایەکیش" چیتر جەسارەت نەکات بەرامبەر ناقانوونی و فەساد مان بگرێت و بەرامبەر غەدر دەم بکاتەوە، چیتر هیچ کەس نەوێرێت باسی ڕیفۆرم و دیموکراسی و گۆڕینی مەنهەج و سیستەمی مەعریفی و جورئەتی لەبەرکردنی تەنوورەیەکیش بکات فەتحەی هەبێ.

باش دەزانم، من کەفەسڵ دەکرێم، سەبارەت بە لەسەر هەق کردنەوەی قانوون و ماف و داخوازییە ڕەواکانی قوتابی و گەنج تا ڕادەیەکی کەمیش – وەك لەم دواییەدا بینیتان– پشتگیریی مامۆستا مانگرتووە هاوکارەکانی خۆم بوو لەپێناو گەڕاندنەوەی شەرعیەت بۆ "لیژنەی زانستیی بەشەکەمان" کەهەمووتان دەزانن ڕاگری دکتاتۆر بۆی نییە خۆی لەجیاتی ئەو لیژنەیە بڕیار دەربکات. هاتن سەرۆك بەشی کوردییان (کە من و د.عەبدوڵڵا حەداد بڕوانامەی بوونە مامۆستاییمان لەلیژنەکەیدا پێ بەخشی!) بێ شەرم، دوو جاران ناردیانە ماڵەوە بۆ ئەوەی ڕەشوەم بدەنێ تا لەسەر مامۆستا هاوکارەکانم نەکەمەوەو بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی لیژنەی زانستیی بەشەکەمان بێدەنگ بم، ڕازی نەبووم.. سەرۆکی زانکۆ لە ٢٠٠٥/١٠/٥ بەڵێنی دامێ "ئەگەر ئەم ئەوامرە ناقانوونیانەی ئەوان جێبەجێ بکەم، لەهەرچی کۆلیژێکی بمەوێ دەمکاتە عەمید.." ، دیسان ڕازی نەبووم.. ڕازیش نابم تەنیا لەو کاتەدا نەبێ بگەڕێمەوە بەشەکەی خۆم و ببمەوە مامۆستایەکی سادەی ئەوێ، هیچی تر نا: تەنیا ئاڵای قانوون ببینم لەناو زانکۆدا "من داوام کردبوو هیچ نەبێ لەبەشەکەی خۆمدا" بەرقەرار بێت!

ئاخۆ من فەسڵ دەکرێم؟ ئایا دەتوانن فەسڵم بکەن؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ من تاقیکردنەوەیەك دەبێت بۆ تێگەیشتن لەهەڵوێستی تەڵەبەو گەنج: ئاخۆ چ بێداری و پێداگرتنێکیان دەبێت لەهەمبەر قانوون و ڕیفۆرم، لەهەمبەر لەسەرکردنەوەی مامۆستایەکی باشیان خراپی خۆیان؟ پێوەرێك دەبێت بۆ ساخکردنەوەی پرسی ئەوەی ئاخۆ قوتابی، گەنج، خوێندکار، لاو.. چ هێزو وەفاو ویژدانێك، چ هەڵوێست و کاردانەوەکیان بەرامبەر غەدرو فەسادو ناقانوونی دەبێت؟

بۆ من ئاسانە بچم ئیمزا بکەم و پاشان هەر پۆستێك (بەپێی بەڵێنی سەرۆکی زانکۆ) لەهەرچی شوێنێکی بمەوێ، وەربگرم، بەلاّم ئایا ئێوە بەمە ڕازین؟ ئایا ویژدانی ئێوە بەم زوڵم و فەسادو ناقانوونی و چاو شکاوییە ڕازیدەبێت؟

ئەوان دەیانەوێ منیش ببەنە ڕیزی ئەو مامۆستایانەی بە بەرچاوی لیژنەی تەحقیقاتیشەوە تەعەددا تەنانەت داوای سێکسیش لەقوتابیی خۆیان دەکەن، بەلاّم لەبەر ئەوەی سەر بەباندی خۆیانن دەیانکەنە سەرۆکی بەش و لیژنەکان، دەیانەوێ بمبەنە ڕیزی ئەو سەرۆك بەشە ئامێردانەی تەنیا فەرمانە گەندەڵەکان بۆ قەرەوێتە بەستەزمانەکان دەخوێننەوەو بەس، بمبەنە ڕیزی ئەو عەمیدانەی قانوون پێشێل دەکەن و سووکایەتی بەزانست و مامۆستاو قوتابیان و لیژنەی زانستی دەکەن، ئەوانەی تەوالێتەکانی کۆلێژو بەشەکانی قوتابیانیان پڕ کردووە لەگوو، هیچ خەمێکیشیان نییە جگە لەوەی لەڕۆژێکدا سێ جار مۆنیکا "نازدارەکانیان" پاك پاك بشۆن کە خۆیانی، بەواسیتەی خەزوورە کۆنەکانیان، پێ بادەدەن.

ئەی هاوخەم و هاوبیرو هاوڕێکانم..
ئەم جۆرە سەرۆك بەش و عەمیدو مودیرو وەزیرو سەرۆك زانکۆو مەسئوولە گەندەڵانەن کەشێخ زاناکانو "ڕەئیس ڕەمەزانەکان" بەرهەم دەهێنن، ئەم پیرو کەچەڵ و کەودەنانەی زەمانی داود ئەلقیسین بوونەتە هۆی ئەوەی کەخەڵك لەجوانیی حیزب و سەروەریی حکومەت و ئاڵای شەکاوەی کوردستانی ئازاد بتەکنەوەو لەتووڕەییان بێن لەسەر ئەنتەرنێت جنێو بەرەمزە هەرە شکۆمەندەکانی نەتەوەکەشتان بدەن! ئەمانەن ڕێگری ڕاستەقینەن لەبەردەم ڕیفۆرم و چاکسازی و پێشکەوتنی "گەل" و زانست و زانکۆو نیشتمان.

من دەڕۆم و خواحافیزی لە "زانکۆ" دەکەم، تا دەرچوونی بڕیاری فەسڵبوونم "لەدێی زانکۆ خانووی ژمارە (٨١) دەمێنمەوە، دوای دەرچوونی بڕیارەکەش بێگومان دوکانە قەسابییەکەی باوکم (کە چاوێکی هەولێر بوو) هەزار ئەوەندەی کورسی و بۆ ل١٥

بەڵێ بۆ کەلەپچەکردنی خۆمان

ئاکۆ محەممەد

باسکردنی ئەو دەستورەی کەپاش چەند ڕۆژێکی دیکە دەنگی لەسەر دەدرێ کارێکی گرنگە، چونکە بۆ یەکەمجارە کورد بەشداری دارشتنی دەستورێکی عێراق دەکات، کەبەداخەوە بەڕای من بەم دەستورە عێراق بەرەو کاملبوونەوەی دەسەڵاتی خۆی و کوردستانیش بەرەو کاڵبوونەوەی دەسەڵاتەکەی و کوردیش بەرەو دەستکەلەپچەکردنێکی قانوونی دەچێت.

لەو دەستورەدا کە بەحساب گرێبەستی هاوبەشی (عقد شراکة)یە،من واتێدەگەم پرۆژەی شیعەی عێراقەو نوێنەرانی کورد بەهەندێ دەستکارییەوە پێی ڕازیبوونە. ئەگەر هەر لەدیباجەکەیەوە دەست پێبکەین دەبینین لەوێدا هەستی شیعە ڕێزی لێگیراوەو ڕێزگرتنی هەستی کورد مەسەلەیەك نەبووە، هەر بۆ نموونە ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ کە لەکوردستان سەرکەوت و لەباشووری عێراق شکستی خوارد بەپێناسەی شیعەکان ناوی لێنراوە "ڕاپەڕینی شەعبانی – الانتفاضة الشعبانية". هەروەها چەوسانەوەی مەزهەبی پێش چەوساندنەوەی نەتەوەیی خراوە، بەرز ڕاگرتنی مەرجەعیەت پێش هەموو شتەکانی دیکە خراوە. ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١/٣٠ بۆ فەرمانی مەرجەعیەت (مەرجەعیەتی نەجەف) گەڕێندراوەتەوەو وەك موقتەدا دەڵێ لەمەودوا دەبێ گەلی عێراق بۆ هەموو پاروەنانێکیش سوپاسی مەرجەعیەت بکات. مەترسییەکەش لەوەدایە ئەوە بەدەستوری کراوە، تەنانەت دامەزراندنی دەزگایەکی فتوادانیش خراوەتە نێو دەستورەوە.

لەهەموویشی بەرچاوتر لەجیاتی دانان بەمێژووی خوێناوی عێراق و داواکردنی لێبوردن لەگەلی کوردستان، باسکردنی مێژووی ڕاستەقینەو دەستکردانەی ٨٣ ساڵیی دەوڵەتی عێراق، بەو درۆ مێژووییەی لەوتارەکانی سەددامدا هەبوو لێرەش دا دووبارە کراوەتەوەو مێژووی عێراق گەڕێندراوەتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا. ئەوەی دەیەوێ بەئاساترین شێوە ئەو درۆیەی بۆ دەرکەوێ با بیرەوەرییەکانی (توفیق السویدی) بخوێنێتەوە، چەند جار بووەتە سەرۆك وەزیرو وەزیر لەسەردەمی مەلەکیدا لەعێراق و یەکێکە لەدامەزرێنەرانی کۆمکاری عەرەبی (الجامعة العربية)، دەڵێ کاتێك لەسەرەتای چلەکاندا بەپلەی وەزیر بالیۆزی عێراقبووم لەئێران گەورەترین کێشەم ئەوەبوو کەس نەیدەزانی دەوڵەتی عێراق چییەو کەس نەیدەناسی.

دیباجەی دەستوری ئێستای باشووری ئەفریقیا لەیەکەمین ڕستەیدا دان بەسیاسەتی چەوت و زۆرداریکارانەی ئاپارتایددا دەنێ و بەم شێوەیە دەستپێدەکات "باشووری ئەفریقیا خاوەن مێژوویکە شانازی پێوە ناکرێ"، دەوڵەتی عێراق کەبەدرێژایی ٨٣ ساڵی تەمەنی هەر لەنێو زۆرداری و گۆماوی خوێندا بووە دیباجەکەی پڕە لەمەدح و پێداهەڵگوتن.

ئەوەی لەنێو کورددا پێیوایە دوارستەی دیباجەکەی دەستور جۆرە داننانێکە بەمافی چارەی خۆنووسین، دەبێ لەو خەیاڵە وشیار ببێتەوە چونکە ئەم جارە بەدەستورێك کەخۆمان (بەڵێ)ی بۆ دەکەین وەك هومام حەمودی سەرۆکی لیژنەی نووسینەوەی دەستووریش دەڵێ: دەستورێك کە بەخۆت بەشداری لەدارشتن و پەسەندکردنیدا بکەی دەبێ بشیپارێزی. ئەو دەستورە ڕێگەیەکی قانوونی کردووەتەوە بۆ لێدانی کورد لەحاڵەتی بەرزکردنەوەی ئاستی داخوازییەکانی لەفیدرالیەوە بۆ کۆنفیدرالی یان سەربەخۆیی کە ئامانجی زۆربەی کوردە نەك خەونی چەند شاعیرو نەتەوەپەرستێکی کورد. چونکە بەپێی مادە (١٠٧) یەکەمین ئەرکی دەسەڵاتە ئیتحادی پاراستنی یەکپارچەیی عێراقە. هەروەها سەرۆك کۆمارو هەموو ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق و وەزیرەکانیشی دەبێ سوێند بەپاراستنی (سلامة الاراضي العراقية) بخۆن کە بەهەموو شێوەیەك پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەگەیێنێ. کەواتە باسکردنی بوونی مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین لەو دەستورەدا قسەیەکی بێ بنچینەیەو، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم دەستورە ڕێگرییەکی قانوونی لەبەردەم بەرزکردنەوەی ئاستی داخوازییە سیاسی و نیشتمانیەکانی گەلی کوردستان دادەنێ.

لەم دەستورەدا باسی عێراق نەکراوە وەك دوو هەرێمی جوگرافی لێك جیا کەبگوترێ عێراق دەوڵەتێکە لەدوو وڵات پێکهاتووە، بەڵکو هەروەکو گوتمان وایاسکراوە کە ئەم عێراقە بەسنورەکانی ئێستایەوە تەمەنی هەزاران ساڵە. جگە لەوەش بەکردەیی و بەتەفسیری دەستوریش کورد بووەتە پێکهاتەی پلە سێ لەعێراق دا، واتە دوای شیعەو سوننە دێت. پاش ئەوەی ئەو بەندەی لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم دا کەوتە نێو دەستورەکاتییەکانی عێراق و لەسەردەمی سەددامیشدا بەردەوامبوو لەدەستوری ئەمجارەدا لابردرا کەدەیگوت عێراق لەدوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد پێکهاتووە. هەمدیسان لەم دەستوورەدا بەحساب بەنیازی چاککردن و ناو نەهێنانی عێراق وەك دەوڵەتێکی عەرەبی، قوڕێکی خەستتری عروبەی پێوەرکراوە کەدەڵێ ئەندامێکی دامەزرێنەری کۆمکاری عەرەبییەو پابەندی میساقەکەیەتی. باشە جیاوازی نێوان ئەندامێتی و پابەندبوون بەمیساقەکەیەوە چییە؟ بێجگە لەسەپاندنێکی خەستتری ئەو ئەندامێتییە بەپابەندکردنی هەموو عێراق (بەکوردستانیشەوە) بەمیساقەکەی کەزۆر عروبییەو هەموو سامانەکانی عەرەب پێکەوە دەبەستێتەوەو دیفاعکردن لەهەموو بەرژەوەندییەکانی عەرەب و هەموو عەرەبەکان دەکاتە ئەرکێکی گشتی بۆ هەموو عێراقییەکان.

لەو دەستورەدا لەبەرخاتری تێگەیشتنی عەرەب، هەروەك هەندێك لەگفتوگۆکارانی کورد گوتیان ناوی (فیدراڵی) بە (الاتحادي) هێنراوە چونکە عەرەب جارێ لێی تێنەگەیشتووەو لێی دەترسێ، لانەبردنی ئەو بنەمایەی حوکمی عێراقیشی نەکردۆتە شتێکی گردبڕ (قطعی). لەهەمانکاتدا کەس ناتوانێ لەسایەی ئەو تێگەیشتنەدا دەتوانێ زەمانەتی جێبەجێبوون و مانەوەی فیدرالی لەعێراق دا بکات، چونکە فیدرالی بەرئەنجامێکی دیموکراسییە نەك بەپێچەوانەوە. وێڕای ئەوەی کەئەو دەستوورە مەسەلەی کەرکوك و ناوچە تەعریبکراوو زەوتکراوەکانی دیکەی کوردستانی بەقەدەر سپاردەوەو دووبارە خۆی داوەتە دەست ئەزموونە ناسەرکەوتووەکانی ڕابردوو، هەندێ لەبەندەکانی دیکەش کە بەحساب بۆ بەرژەوەندییە ناسەرەکییەکانی کوردن هەموویان بەندی دژیان لەبەرامبەردا هەیەو جێبەجێکردنیان پەیوەستە بەویژدانی دەسەڵاتدارانی داهاتووی عێراقەوە. کەمن گومانم هەیە لەعەللاوی و جەعفەری باشترین.

ئەم دەستوورە کە بەبیانووی ئەوەی هەندێ لەبەندەکانی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا ناگونجێن جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤی پەسەند نەکردووە، کەبەبنەماو مانیفێستۆی جیهانیی سیستەمە دیموکراسییەکان و کۆمەڵگاکانی مەدەنی دادەنرێ، بێجگە لەوە سوکایەتیپێکردنێکی ئاشکرایشی بەکۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تێدایە کە لەیەك مادەدا پشتیوانیکردنی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بووژاندنەوەو هەستاندنەوەی عەشیرەتەکانی عێراقی پێکەوە کۆکردووەتەوە.

ڕەشنووسی دەستووری عێراق، لە دەنگداندا، سەربکەوێ، یان ژێر بکەوێ، لەهەردوو بارەکەدا، هەر بەزیانی کورد تەواو دەبێ

چارەنووسی دەستوورەکەی سەرکردە حیزبییەکانی کوردو شیعە، هێشتا دیار نییە کە، ئایا لەدەنگداندا دەیباتەوە، یان دەیدۆڕێنێ. چۆنکە، ئەگەر زۆربەی زۆری سوننەکان، لەسەر ئەوە کۆکبن کە بەشداریی دەنگدانەکەن و لەدژی دەنگبدەن و، بەشێکی شیعەکانیش، بەتایبەتی لایەنگرانی موقتەدا سەدر، کە خۆی بە "مەرجەعییەتی دەنگدار (ناطق)" دەداتە قەڵەم، کە دژی سیستەمی فیدراڵی و هەموو مافێکی کوردن، ڕێکبکەون لەگەڵ هێندەک شیعەی دیکە، کە پتر ناسیۆنالیستی عەرەبن؛ لەوەی دوای کەللەرەقیی ئاینزایی (مذهبی)و، فەرمانی مەلا سیستانی فارس بکەون و، ئەوانیش هەر لەدژی دەستوورەکە دەنگبدەن، ئەوا، بێگومان؛ ژمارەیەکی زۆر کوردیش هەن، کە بەپرۆپاگەندەی حیزبە کوردییەکان هەڵنا خڵەتێن و، لەدژی دەستوورەکە دەوەستن. خۆ ئەگەر ئەوانیش بچن بۆ دەنگدان و دەنگ لەدژی بدەن، ئەوە لەوانەیە کە بەهەموویان بتوانن "ڕەوایەتیی" دەستوورەکە لەبارەی وەدەستنەهێنانی زۆرێتیی دەنگەوە، پووچبکەنەوە. خۆ، ئەگەر وانەبێ و، زۆربەی دەنگەکان بەلای وەرگرتنی دەستوورەکەوە بێ، ئەوا سەردەکەوێ. بەڵام، ئێستە جارێ، با ئێمە وادابنێین، کە دەستوورەکە لەئەزموونی دەنگداندا دەردەچێ. ئەودەمە، ئەوانەی لەدژی بوون، هەروەک دژبەر دەمێننەوە و، بەدەستووری خۆیانی نازانن و ڕێزیناگرن و، عەرەبەکانیان، داوای گۆڕین و لابردنی ئەو خاڵانە دەکەن، کە سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی، وەک سەرەکیی کورد، شانازیدەکەن پێوەی و، بە"بەشی شێر"ی دادەنێن. ئەوەتا، هەر لەئێستەوە، سوننییەکان، داوای ئەوە دەکەن، کە زمانی عەرەبی ببێتە زمانی فەرمی لەکوردستاندا، لەدەسەڵاتی هەرێمەکان کەمبکرێتەوە، دەسەڵاتی نێوەند بەهێزتر بکرێ و، گەرەنتی ئەوەش هەبێ؛ کە عێراق، وەک فیدراڵێکە تێکی یەکتاو، لەدابەشکردنەهاتوو بمێنێتەوە. بۆ هێنانەدی ئەوەش و، سەرەڕای هەموو دۆزمنایەتییەکی سوننییەکان بەرامبەر ئەمریکا، لەمەدا، ئەمریکایان کردووە بەدەمراستی خۆیان و، پەنایانبردووەتە بەری؛ کە گوشار بخاتە سەر کوردو، ئەوەبوو زەلمای خەلیلزاد، سەفیری ئەمریکا لەبەغدا، بۆ ئەم مەبەستە ڕوویکردە دوکان و لەگەڵ مام جەلال و کاک مەسعوود کۆبوونەوە، کەسیش نازانێ بڕیار چبووە، چۆنکە؛ پارتی و یەکێتی، خودێ دەستبداتە بآلیان، دەستێکی بالایان هەیە لەچاوشارکێی ڕامیاریدا. لەبەرئەوە، نازانرێ چ بەڵێنێکی دیکەی گۆڕینی دەستووریان داوە بە "برا سوننییەکان". خۆ ئەگەر دەستووریەکە، بمێنێ، کە هەیە، ئەوا کوردستان، هیچ کاتێک، مافی جیابوونەوەی نابێ و، عێراقیش، بەکوردستانەکەیەوە، دەوڵەتێکی عەرەبیی ئیسلامییە، تەنانەت مام جەلال خۆشی، نکۆڵی لەم ڕاستیەنەیە نەکرد، کاتێک کە لەمانگی ئەیلوولدا کە لەئەمریکا بوو، لەبەردەم تەلەفیزیۆنی CNNدا؛ لەوەرامی پرسیارێکی ڕۆژنامەنووس Wolf Blitzerدا، لەبارەی پێوەندیی عێراق بەئیسرائیلەوە، گوتی: "لەکۆنفرانسە ڕۆژنامەییەکدا، لەلایەن ڕۆژنامەنووسێکی ئیسرائیلییەوە، (ئەم) پرسیارە کرا لێم، وەرامی من ئەوەبوو (کە) عێراق دەوڵەتێکی عارەبییە. (عێراق) هەر تەنێ دەوڵەتێکی ئیسلامی نییە..."

ئێستە جارێ، با ئێمە وادابنێین، کە دەستووری نازانن و ڕێزیناگرن و، ئەودەمە، ئەوانەی لەدژی بوون، هەروەک دژبەر دەمێننەوە و، بەدەستووری خۆیانی نازانن و ڕێزیناگرن و، عەرەبەکانیان، داوای گۆڕین و لابردنی ئەو خاڵانە دەکەن، کە سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی، وەک سەرەکیی کورد، شانازیدەکەن پێوەی و، بە"بەشی شێر"ی دادەنێن

"I was asked by Israeli Journalist in the Press Conference: my answer was: Iraq is an Arabic Country State. It is not Islamic only... ete" (Kurdistan Obsever.Com 11. Spt. 2005)

لەبەر ئەوە، لێرەدا هیچ گومانێک نامێنێتەوە، کە عێراقی ڕووخاو و، هەرەسبردوو، بە بەڵادا کردنی "چاکی مەردانەی" سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی، بووەوە بە دەوڵەتێکی عەرەبی. بەڵام ئەمجارە، نەک بەهۆی لەشکری بەریتانیاوە، بەڵکو بەدڵخوازی ئەوانەی ڕۆژگاری نالەبار کردوونی بە نوێنەری کوردو، بە "شێوەیەکی ئارەزوومەندانە"ش!!! ئەوەش دەبێ بگوترێ، کە لەدەستووریەکەدا، بەهیچ جۆرێک نێوی "گەلی کورد"، یان "نەتەوەی کورد"، وەک نەتەوەیەکی سەرەکی، لەپاڵ نەتەوەی عەرەبدا، نەهاتووە، بەڵکو عێراق، وەک چێشتی مجێور، لەهەموو بابەتێک پێکهاتووە. ئەوجا، عێراق کە بەپێی دەستووریەکە خۆی، ئەندامی دامەزرێنەری کۆمکاری عەرەب بێ و، پێگیر (ملتزم) بێ بە پەیماننامەی کۆمکاری عەرەبییەوە؛ کە پەیماننامەیەکی "عرووبی"یە، ئەوا دیارە، بەپێی ئەو پەیماننامەیە، عێراق دەوڵەتێکی عەرەبییەو، ئیدی کورد، هاوواڵتی دەوڵەتێکی عەرەبین، وەک چۆن قیبتیەکانی میسر، هاوواڵتی کۆماری عەرەبیی میسرن و، کوردستانیش نیشتمانی کوردو کوردستانییەکان نییە، بەڵکو بەشێکە لەخاکی عەرەب. هەر کەسێکیش بێ و، دەستبکا بە فەلسەفە لێدان و، بێژێ، ئەمە وانییە، ئەوا دیارە، قسەکەی دەوەن بەئاش و نێرە بیدۆشەیەو، هیچی دی.

شایانی باسە، کەینوبەین (مؤامرة)و نەخشەکێشان لەدژی ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی و ڕزگاربوون لەکۆیلەیەتی، لەگەڵێک لاوە بەدیدەکرێ. لەلایەکەوە، بەرەی کۆنەپەرستان و شۆڤێنیستانی عەرەب؛ بەسەرۆکایەتیی شێخەکانی حیجاز، کە بەزۆری شمشێرو خوێنڕیژی، شەریفی مەککەیان دەربەڕاندو، لەژێر ئالای "وەهابێتی"ی دژبە پێشکەوتنخوازی و ئازادیی مرۆڤو لەژێر ئالای ژندۆزمنیدا، خۆیان کردە شای ئەو وڵاتەو، نێوەکەشیان گۆڕی بە "عەرەبستانی سعوودی"؛ بەنێوی بنەماڵەکەیانەوە، دەیانەوێ، بەبیانووی ئەوەوە، کە ئەمریکا عێراقی داوەتە دەست ئێران و، عەرەبایەتیی لەعێراقدا لەمەترسیدایە، دەستبکێشنە کاروباری عێراقەوەو، دەیانەوێ "لەشکرێکی عەرەبی" ڕەوانەی عێراق بکەن، بۆ ئەوەی ئەنفالێکی دیکە لە کوردو خەڵکی کوردستان بکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە؛ کۆنەدۆستەکەی سەددام، جاک شیراک، کە بە "جاک ئیراک" نێوێرێوە، لەفەڕەنساوە، خەمی پارچە پارچە بوونی عێراقی لێنیشتووەو دەیەوێ؛ کۆنفرانسێکی نێو نەتەوەیی بگرێ بۆ "ڕێگرتن لە تەلتەبووننی عێراق". لەوڵاشەوە، دیکتاتۆری ڕووسیا، پووتین؛ دەفەرموێ؛ دەبێ لەشکری ئەمریکاو پەریتانیا و هاوپەیمانەکانیان عێراق بەجێبهێڵن. بێگومان، ئەم کابرایە دەزانێ، ئەگەر هاوپەیمانان عێراق بەجێبهێڵن، کارو کرداری تیرۆریستەکان بەجارێ پەرە دەستێنێ. وادیارە، ئەویش ئەوەی دەوێ. ئاشکرایە، ئەم پووتینەی، شەووڕۆژ هاواریێتی لەدەست ئەوانەی کە لە چیچانستان داوای سەربەخۆیی دەکەن و، ئەو بە "تیرۆریست" نێویانەدەبا؛ باشە؛ بۆچی دەستوەشێنەکانی چیچانستان تیرۆریستن، بەڵام دەستوەشێنەکانی عێراق، کە هەموو ڕۆژێک چەند کوردێک "ئەنفال" دەکەن؛ بەرهەڵستکارو ڕزگاریخوازن؟ ئەم پرسیارە دەبێ لە خۆشەوی مەلا بریایم و کاک شۆڕشیش بکرێ، کە ئەویان نوێنەری پارتی و، ئەمیان نوێنەری یەکێتییە لەڕووسیاو، هەردووکیان لە تەلەفیزیۆنەکانی پارتی و یەکێتیدا، بەئاوو تاوەوە، باسی هەڵوێستی دۆستانەی ڕووسیایان دەکرد بەرامبەر بە کورد. ئەمە لەکاتێکدا؛ کە لەسەردەمی قەیسەردا لەشکری ڕووسیا کوردستانی کاولکردو، لەسەردەمی ستالیندا، ڕژێمی ستالین ئەنفالی لە کورد کردو کوردستانی سۆری بەخشی بە ئازەربیەکان و، کۆماری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی فڕۆشت بە نەوت و، پاش ئەوەش و، هەتا ئەوڕۆش، ڕژێمی ڕووسیا هەر هاوپەیمانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بووەو، چاوی نەک هەر لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەکوردستاندا پۆشیوە، بەڵکو پاکانەشی بۆ ڕژێمی سەددام کردووەو، ئێستەش دەیەوێ بازرگانەکانی بنێرێتە هەرێمی باشوور، بۆ مژینی خوێنی کورد. قسەیەک هەیە لەنێو ئەڵمانەکاندا دەبێژێ "جاران ڕووسەکان کۆمۆنیزم- یان ئێکسپورت دەکرد بۆ جیهان، بەڵام ئێستە کچە سۆزانی و نەخۆشیی ئێدز ئێکسپورت دەکەن".

کورت و کرمانجی، لەگەلێک لاوە، هەوڵدەدرێ بۆ ئەوەی ڕێ لە کورد بگیرێ، تاکو نەتوانێ مافی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدا. تەنانەت، ئەوەتا ئەمریکاش کە گوایە هەڤاڵبەندی کورد، گوشاری خستە سەر یەکێتیی ئەوروپا، کە وتووێژ لەگەڵ ڕژێمی ترک بکەن؛ بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپادا، بێ بوونە بەیەک وشە باسی کێشەی کورد بکا.

ئێستە، با بێینەوە سەر بەشی دووەمی باسەکەمان، ئەمەش ئەوەیە، ئەگەر هاتوو دەستوورەکە لە دەنگداندا کەوت، چ دەبێ؟ بە بیروڕای من و، بەپێچەوانەی ئەو مەترسییەوە کە سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی دەیخەنە دڵی کوردەوەو دەبێژن، "دەرفەتەی وا هەڵناکەوێتەوە"، باشترین هەل بۆ کوردستان هەڵدەکەوێ، ئەگەر بێتو سەرکردەکانی ئەم دوو زلحیزبە، نەبنە ڕێگر لەبەر سووتوەرگرتن لێی. چۆنکە؛ ئەوسا؛ دوو ڕێ لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا دەبێ. یەکەمیان ئەوەیە؛ خەڵکی کوردستان بەیەک دەنگ بێژن؛ "عەرەبە بەڕێزەکان! ئێمە، بەهەموو شتێک ڕازیبووین و، دەستوورێکمان دانا لەگەڵ ئێوە، کە وازمان لەمافی چارەنووسی خۆو سەربەخۆیی وڵاتمان، کوردستان، هێناو خۆمان کردەوە بە عێراقی و، دانیشمانتان بەوەدا کە عێراق دەوڵەتێکی عەرەبییە و، ژنەمان، لەبەرخاتری چاوی ڕەشی ئێوە، کردە چارەکە پیاوێک؛ بەڵام ئێوە بۆرە مافێکتان بەئێمە ڕەوا نەدی.. کەواتە، خودێتان لەگەڵ و، ئێوە لەمافی خۆتان و ئێمەش لەمافی خۆمان". ئەوجا دەستبەجێ لەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا بکەن، کە باشووری کوردستان، وەک پرۆتێکتۆرات (محمیە)یەک، بگرێتە ژێر باڵی خۆی، کە ئەمە سەربەخۆیی نییە، ئەو سەربەخۆییەی کە سەرکردەکانی کورد بەخەون و خەیاڵی شاعیرانەو، گەفی ڕەگەزپەرستانی دەدەنە قەڵەم، بەڵکو باروودۆخێکە لەسەربەخۆییەوە نێزیکە. ئەو دەمە دەبینین، کە گەلێک لایەن هەمەدا، پشتی کوردستان دەگرن. بەتایبەتی، چۆنکە کێشەی تیرۆر لەعێراقدا زۆر تووندوتیژبووەو، تادێ بەرەو تووندتیژتر بوونیش دەچێ، لەبەرئەوە گەلێک لایەن هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە عێراق، هەزار پینەشبکرێ، یەکناگرێتەوەو، لەم ڕووەوە زۆر سەرزەنشتی سیاسەتیی ئەمریکا و بەریتانیا دەکەن بەرامبەر بەوەی کە هەوڵی یەکپارچەیی عێراق دەدەن.. بەڵام، ئەوەی ڕاستی بێ، باوەڕ ناکەم ئەمە ڕووبدا، چۆنکە سەرکردەکانی کورد بەگشتی و، سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی بەتایبەتی، ئەو وڕەو دووربینی و جەربەزەییەیان تێدا نییە، کە زاتبکەن؛ ئەو هەنگاوە بنێن. بەڵکو؛ زۆر ڕێبێتێدەچێ، کە هەوڵی ئەوە بدەن؛ کورتانەکەی جەجاڵ سەرلەنوێ بەڕەشووڕوتی خەڵکی کوردستان بدروونەوە، بەڵام ئەمجارەو، لەژێر گوشاری هەلومەرجی سەختی تازەدا، چۆنکە، دەرفەتە گەورەکە بەو شێوە لەبارەی دوو ساڵ لەمەوبەر، نەماوە، ئەمجارە، کورتانێک دەبێ، کە گەلێک تەنگترو ئێسکگرانترێ لە کورتانەکەی سەردەمی عەلاوی و جەعفەری. ئەودەمە، بێزاریی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی، بەهۆی ئەو ڕەوشە خراپەوە کە تێیدا دەژی، هەر لە بێ ئاوی و بێ کارەبایی و بێکارییەوە بیگرە، هەتا دەگاتە گەندەلیی بەڕێوەبەرێتی و مشەخۆریی کاربەدەستان و هەڕەشەو گۆڕەشەیان لەدەربڕینی بیروڕا بەسەربەستی، دەگاتە ئاستێکی وا، کە شەڕو بەیەکدادان و پشێوی و ئاژاوەی نێوخۆیی هەڵدەگیرسێنی و پەرەدەستێنێ. شایانی باسە، ئەوەی شەڕو لێکدانی نەوەتەکان، لەشەڕو لێکدانی نەتەوەکان جیا دەکاتەوە؛ ئەوەیە؛ کە ئەمجارە شەڕەکە ناکەوێتە نێوان پارتی و یەکێتی، چۆنکە، هەردوولایان، زۆر باش دەزانن، کە دەستوەشاندن لەیەکدی، گۆڕی خۆ هەڵکەندنیانە بەدەستی خۆیان. لەبەر ئەوە، پارتی و یەکێتی، لەگەڵیەک ڕێککەوتوون کە هۆی چوون بەگژیەکدا لەخۆیان دوورببخەنەوەو، ئەوەش بەوەی هەردوولا ڕازیبوون و گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم بارەی ئەوڕۆ هەیە و بەخەیاڵی وان، وێستاوە؛ ڕایبگرن و، بەهیچ جۆرێک بیر لەوە نەکەنەوە حکوومەتێکی یەکگرتوو دروستببێ، بەڵکو لەسەر بنچینەی نیوە نیوە، یان کەمێک لەنیوە نیوە، پلەو پایەکان و سەروەت و سامانی کوردستان، لەنێو خۆیاندا بەشبکەن، ئەوەتە هەر لەئێستەوەو، بەپێی قسەی محەممەد مەلا قادر؛ ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، هەر کاتێک سەرۆکایەتیی حکوومەت بکەوێتە دەست یەکێتی، دەبێ سەرۆک پەرلەمان پارتی بێ ("میدیا" ژ ٢١١، ٤/١٠/٢٠٠٥، ل٩). هێژای گۆتنییە، کە کاک محەممەد مەلا قادر؛ کاتی خۆی لەتەلەفیزیۆنەکەی پارتیدا دەیگوت، "ئەو کەسەی نەچێ بۆ هەڵبژاردن خاینە، یان بێگانە

جەمال نەبەز- ئەڵمانیا

ڕایسپاردووە کە نەچێ". ئەڵ یەکێک بووم لەو خاینانەی؛ نەچوون بۆ هەڵبژاردن؛ چۆنکە ویژدانم نەیهێنا، بەدەستی خۆم، خۆم بکەمەوە بەئەندامی دەوڵەتێک کە ئەنفالی لەکورد کردو، کوردی دایە بەرچەکی کیمیایی و کچی کوردی لەبازاڕە عەرەبییەکاندا فرۆشت. ئێستەش، ئەوەتە جارێکی دیکە، دەستیکردووە بە بەخاین و نۆکەر نێوبردنی ئەو کەسانەی کە دەنگ بۆ دەستوورە ڕەشەکە نادەن و، خۆی بەوەوە هەڵدەکێشی کە کاتێ خۆی چووەتە شاخ. بەڵێ. زۆر کەس چوونە شاخ و ماڵییان وێرانبوو و ئەوەتا لەژێر خێوەتدا دەژین، زۆر کەسیش چوونە سەر شاخ و بوونە ملیۆنێرو

لەدەستوورە کەدا، بەهیچ جۆرێک نێوی "گەلی کورد"، یان "نەتەوەی کورد"، وەک نەتەوەیەکی سەرەکی، لەپاڵ نەتەوەی عەرەبدا، نەهاتووە، بەڵکو عێراق، وەک چێشتی مجێور، لەهەموو بابەتێک پێکهاتووە. ئەوجا، عێراق کە بەپێی دەستوورەکە خۆی، ئەندامی دامەزرێنەری کۆمکاری عەرەب بێ و، پێگیر (ملتزم) بێ بە پەیماننامەی کۆمکاری عەرەبییەوە؛ کە پەیماننامەیەکی "عرووبی"یە، ئەوا دیارە، بەپێی ئەو پەیماننامەیە، عێراق دەوڵەتێکی عەرەبییەو، ئیدی کورد، هاوواڵتی دەوڵەتێکی عەرەبین، وەک چۆن قیبتیەکانی میسر، هاوواڵتی کۆماری عەرەبیی میسرن و، کوردستانیش نیشتمانی کوردو کوردستانییەکان نییە، بەڵکو بەشێکە لەخاکی عەرەب. هەر کەسێکیش بێ و، دەستبکا بە فەلسەفە لێدان و، بێژێ، ئەمە وانییە، ئەوا دیارە، قسەکەی دەوەن بەئاش و نێرە بیدۆشەیەو، هیچی دی.

شایانی باسە، کەینوبەین (مؤامرة)و نەخشەکێشان لەدژی ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی و ڕزگاربوون لەکۆیلەیەتی، لەگەڵێک لاوە بەدیدەکرێ. لەلایەکەوە، بەرەی کۆنەپەرستان و شۆڤێنیستانی عەرەب؛ بەسەرۆکایەتیی شێخەکانی حیجاز، کە بەزۆری شمشێرو خوێنڕیژی، شەریفی مەککەیان دەربەڕاندو، لەژێر ئالای "وەهابێتی"ی دژبە پێشکەوتنخوازی و ئازادیی مرۆڤو لەژێر ئالای ژندۆزمنیدا، خۆیان کردە شای ئەو وڵاتەو، نێوەکەشیان گۆڕی بە "عەرەبستانی سعوودی"؛ بەنێوی بنەماڵەکەیانەوە، دەیانەوێ، بەبیانووی ئەوەوە، کە ئەمریکا عێراقی داوەتە دەست ئێران و، عەرەبایەتیی لەعێراقدا لەمەترسیدایە، دەستبکێشنە کاروباری عێراقەوەو، دەیانەوێ "لەشکرێکی عەرەبی" ڕەوانەی عێراق بکەن، بۆ ئەوەی ئەنفالێکی دیکە لە کوردو خەڵکی کوردستان بکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە؛ کۆنەدۆستەکەی سەددام، جاک شیراک، کە بە "جاک ئیراک" نێوێرێوە، لەفەڕەنساوە، خەمی پارچە پارچە بوونی عێراقی لێنیشتووەو دەیەوێ؛ کۆنفرانسێکی نێو نەتەوەیی بگرێ بۆ "ڕێگرتن لە تەلتەبووننی عێراق". لەوڵاشەوە، دیکتاتۆری ڕووسیا، پووتین؛ دەفەرموێ؛ دەبێ لەشکری ئەمریکاو پەریتانیا و هاوپەیمانەکانیان عێراق بەجێبهێڵن. بێگومان، ئەم کابرایە دەزانێ، ئەگەر هاوپەیمانان عێراق بەجێبهێڵن، کارو کرداری تیرۆریستەکان بەجارێ پەرە دەستێنێ. وادیارە، ئەویش ئەوەی دەوێ. ئاشکرایە، ئەم پووتینەی، شەووڕۆژ هاواریێتی لەدەست ئەوانەی کە لە چیچانستان داوای سەربەخۆیی دەکەن و، ئەو بە "تیرۆریست" نێویانەدەبا؛ باشە؛ بۆچی دەستوەشێنەکانی چیچانستان تیرۆریستن، بەڵام دەستوەشێنەکانی عێراق، کە هەموو ڕۆژێک چەند کوردێک "ئەنفال" دەکەن؛ بەرهەڵستکارو ڕزگاریخوازن؟ ئەم پرسیارە دەبێ لە خۆشەوی مەلا بریایم و کاک شۆڕشیش بکرێ، کە ئەویان نوێنەری پارتی و، ئەمیان نوێنەری یەکێتییە لەڕووسیاو، هەردووکیان لە تەلەفیزیۆنەکانی پارتی و یەکێتیدا، بەئاوو تاوەوە، باسی هەڵوێستی دۆستانەی ڕووسیایان دەکرد بەرامبەر بە کورد. ئەمە لەکاتێکدا؛ کە لەسەردەمی قەیسەردا لەشکری ڕووسیا کوردستانی کاولکردو، لەسەردەمی ستالیندا، ڕژێمی ستالین ئەنفالی لە کورد کردو کوردستانی سۆری بەخشی بە ئازەربیەکان و، کۆماری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی فڕۆشت بە نەوت و، پاش ئەوەش و، هەتا ئەوڕۆش، ڕژێمی ڕووسیا هەر هاوپەیمانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بووەو، چاوی نەک هەر لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەکوردستاندا پۆشیوە، بەڵکو پاکانەشی بۆ ڕژێمی سەددام کردووەو، ئێستەش دەیەوێ بازرگانەکانی بنێرێتە هەرێمی باشوور، بۆ مژینی خوێنی کورد. قسەیەک هەیە لەنێو ئەڵمانەکاندا دەبێژێ "جاران ڕووسەکان کۆمۆنیزم- یان ئێکسپورت دەکرد بۆ جیهان، بەڵام ئێستە کچە سۆزانی و نەخۆشیی ئێدز

خێوەتدا بژی، بێ ئاوو بێ کارەبا و بێ سەرپەرشتیی بژیشکی و، سەرمای زستان و قرچەی گەرمای هاوین بگرێتە خۆی و، منداڵی بەپێخاوسی بگەڕێن و، هەموو ساتە چرکەیەکیش ترسی ئەوەی هەبێ کە تیرۆر بکرێ، ئەگەر هاتو ئیدی نەیتوانی بەرگەی ئەو ژیانە کولەمەرگییە لە"عێراقی ئاشتی و هیوا"دا بگرێ، بۆچی دەبێ خاین بێ؟ باشە، بۆچی مام جەلال و ماڵومندانی و سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی نەچوون ماوەیەک لە کەرکووک بژێن، تا تێبگەن ژیان لەوێ چۆنە! ئایا، ئەو کاربەدەستانەی کە دەتوانن بەسەتان ملۆێن دۆلار تەرخان بکەن بۆ کڕینی خانوو کەرکووک بۆ کەرکووکییە دەرکراوەکان و بن خێوەتەکان، کە ئەوەتا هەر خانووەو لەسەری نووسراوە "بۆ فرۆشتن"و، دەتوانن نان و کار بدۆزنەوە بۆ ئەو لێقەوماوانە، کەچی ئەو کارە ناکەن، ئایە ئەوە "نیشتمانپەروەری"یە؟ ئەز باسی "خیانەت" ناکەم، چۆنکە ئەگەر بیڵمە سەر ئەو باسە هەویرەکە زۆر ئاو دەکێشی.

قسەی خۆمان بێ، وەک دەمێکیشە لە "میدیا"دا نووسیومە؛ کێشەی کەرکووک وەک کێشەی فەلەستێن و سەرکردە عەرەبەکانی لێهاتووە. سەرکردە عەرەبەکان، کە تا بینەقاقایان ملیاردە دۆلاری نەوتە، سالانی سالّە، بازرگانی بەکێشەی فەلەستێن و خوێنی فەلەستینییەکانەوە دەکەن و، لەژێر خێوەتدا دەیانژێنن و، ملی هەزاران کەسیان کرد بە پەتی سێدارەدا، بەنێوی خیانەت و سیخوڕێتییەوە بۆ "دوژمنی زایۆنی" و ناپاکیی لە "کێشەی چارەنووسسازی فەلەستێن"و "قودسی عەرەب"و، تەنانەت ئەنوەر ساداتیشیان هەر بەو تۆمەتە کوشت و، چەند حیزب و تاقمیان لە "بەرەی ڕزگاریخوازیی فەلەستێن" جیاکردەوەو، خستنیانە دەستوەشاندن و، تائێستەش هیچیان بۆ فەلەستین نەکردووە. لەبەر ئەوە، کێشەی فەلەستینیش، لەم ڕووەوە، لەکێشەی کەرکووک دەچێ و کە، کەرکووک بە "قودسی کوردستان" دەدرێتە قەڵەم، ژۆر لەجێی خۆیایەتی. سەرکردە عەرەبە دیکتاتۆرەکان، چەند "قودسی عەرەبیان" گێڕایەوە بۆ فەلەستینییەکان، سەرکردە بەڕێزەکانی کوردیش، هەر هێندە "قودسی کوردستان" دەخەنەوە باوەشی کوردستان. چۆنکە؛ ئەگەر مەبەستیان چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک بوایە، دەمێک بوو کردبوویان. چەند سەت ملیۆنێک دۆلاریان تەرخانکرد بۆ کڕینی خانو و، پەیدا کردنی کارو کاسبی بۆ خەڵکی کەرکووک و، پارەیەکیان دەدا بە عەرەبە هاوردەکان بۆ مسۆگەر کردنی ژیانی خۆیان، لەکاتی گەڕانەوەدا. هەروەها، ئەو نێوچانەی لە کەرکووک دابڕاون، وەک چەمچەماڵ و شوێنەکانی دی، بە بڕیارێکی "بەڕێوەبەریتییەکەیان" دەیانخستەوە سەر کەرکووک و، نەدەچوون دەست لە عەللاوی و جەعفەری پانبکەنەوەو، دوایش، هەموو گوتاوڕۆکە بهێنن بەسەر جەعفەریدا، ئەوەیش کە، کاتێک دیان، کەرکووکییەکان، ئیدی بەرگەی چاوەڕوانیی دوو ساڵی دیکە ناگرن و، بەدەستیدەستێپێکردن؛ چیدی ناخڵەتێن، هاتوون گوناهی جەعفەری دەگرن. باشە، ماوەی چەند مانگێک لەمەوبەر لە "میدیا"دا نەمنووسی کە جەعفەری فارسەو خزمی مەلا سیستانییەو مەلا سیستانی چی پێ بێژێ، ئاوادەکا؟ بۆچی هەر ئەو دەمە، ماوەیەکتان دانەنا بۆی بۆ جێبەجێکردن و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک، کە دەبوو پێش ئەو، حکوومەتی عەللاوی بیکردایە و، ئێوەش لێی بێدەنگ بوون؟ دوایی باشە، ئایا پارتی و یەکێتی، هەردووکیان لە حکومەتی عەللاوی و جەعفەریدا بەشدار نەبوون و نین، بۆچی خۆیان دەستپێشکەری ناکەن؟ ئەگەر عەللاوی ڕێگر بوو، بۆچی لەحکوومەتەکەیدا مانەوە؟ ئەگەر جەعفەری ڕێگرە؛ بۆچی لەحکوومەتەکەیدا ماون؟ نەخێر وانییە قوربان؛ ئێوە ناتانەوێ کێشەی کەرکووک چارەسەر بکەن. ئەوەی ئێوە دەتانەوێ، ئەوەیە؛ دوو میرنشینەکە، وەک خۆیان بەشێوەی فیفتی فیفتی بمێننەوە، بەڵام دڵنیابن کە نامێننەوە. لەبەر ئەوە، خەریککردنی خەڵک بە هەیتوهووتی دەنگدانەوە بۆ دەستوور، هیچ خێرێک چاوەڕواننا کرێ لێی.

دەنگدان بۆ دەستوور بە ئا، یان نا، سەرکەوتنی دەستوور، یان ژێرکەوتنی لەدەنگداندا، هەردووکی بەزیانی خەڵکی کوردستان تەواو دەبێ؛ چۆنکە؛ حیزبحزبێنەو فیفتی فیفتی، کارەکەی هەر لەسەرەتاوە بەهەڵە دەستپێکردو، هەر خانوویەکیش لەسەر بنا خەی ڕفۆک و قرچۆک دابمەزرێ، هەزار جۆرە بۆیاخی جوانیش بکرێ، ئەنجامەکەی هەر ڕمانە بەسەر ئەوانەدا کە تێیدا دەژین.

٢٠٠٥/١٠/٧